باپیرە، داپیرە، ئەی جەماوەری دەستی مێژوو، دەنگی تۆ، نەوەی نوێ بنیات دەنێ، دەنگی تۆ منم ٢١٣

٢١٣
پارێزگای سلێمانی






پارتی دیموکراتی کوردستان
KDP 1946
PARTIYA DÊMOKRATA KURDISTANÊ




# پایسکلسوارێکی کورد لە پۆڵەندا لە پێشبرکێی جیهان پلەی دووەمی بەدەست هێناوە

## ئارام زیاد: لەپاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکاندا بە ئارام کوردستانی ناوم دەبەن

**پۆڵەندا: هاوار مورتکەیی**
**فۆتۆ: ئەردەڵان ئاژگەیی**

هەفتەی رابردوو کە لە پۆڵەندا بووین لەرێگای د. فەرهەنگ رەشکینییەوە زانیم کە لە پۆڵەندا پایسکلسوارێکی لاوێکی کورد هەیە چەندین جار پلەیە یەکەمی لەسەر ئاستی ئەو وڵاتەدا بەدەست هێناوە، هەروەها بەشداری پاڵەوانێتی جیهانیشی کردووە، بۆیە داوام لێکرد کە ئەو گەنجە کوردە ببینم، کاتێک زانیشمان کە ئەو پایسکلسوارە کوڕی زیاد رەئووفی نوینەری حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە پۆڵەندا دەرفەتەکە باشتر رەخسا کە بیبینین، ئەوەبوو ئێوارەیەک چووینە ماڵی لە شاری کراکۆف و ئارامی پاڵەوانی کوردمان بینی و زۆر خۆشحاڵیش بوو کە وەک رۆژنامەیەکی کوردستانی هاتووین بۆ ئەنجامدانی دیمانەیەک لەگەڵیدا.

**پلەی یەکەم لەسەر ئاستی پۆڵەندا**

ئارام زیاد رەئووفی تەمەن 20ساڵ وەرزشوانێکی کوردە و لە شاری کراکۆفی پۆڵەندی لەدایک بووە، ئەو بە ئارام کوردستانی ناوی دەرکردووە و لەتەمەنی 10ساڵیدا دەستی بە وەرزشی پایسکلسواری شاخەوانی کرد، ئەو وەرزشەی کە لەسەر رێگای سەخت و شاخاوی ئەنجام دەدرێت، ئەو نازانێ چۆن دەستی بەو وەرزشە کرد، کاتێکیش دەستی پێکرد پێی وابوو وەکو وەرزشەکانی تری تۆپی پێ و باڵە و خزینی سەر بەفر دەستبەرداری دەبێت، بەلام ئەو دەڵێت پایسکلسواری وەرزشێکە کە پەنات بۆ برد ناتوانی دەستبەرداری بیت، ئارام لەساڵی 2010ەوە لە یانەی RMFی پۆڵەندی یاری دەکات، ئەوکاتەی دەستی بەو وەرزشەش کرد ساڵانە لەسەر ئاستی پێشبرکێیەکانی پۆڵەندا سێ جار بەشداری دەکرد، یەکەم جاریش بەفەرمی دەستی پێکرد تەمەنی 12ساڵان بوو، لەساڵی 2009پلەی سێیەم و لەساڵی 2010لەسەر ئاستی پۆڵەندا پلەی دووەمی بەدەست هێنا، هەروەها لە جامی پۆڵەندا پلەی یەکەمی بەدەستهێنا لە هەمان ساڵ.

**جارێکی تریش بەشداری لە پاڵەوانێتی جیهانیدا دەکان**

ئێستاش ئارام زیاد رەئووف خۆی بۆ پاڵەوانێتی داهاتووی پۆڵەندا ئامادە دەکات کە لە حەوت جەولە پێک دێت و دەڵێت: هەروەها بەنیازم جارێکی تریش بەشداری لە پاڵەوانێتی جیهانی بکەم، کە جاری یەکەمم لە پاڵەوانێتی جیهان بەشداریم کرد کە توانیم پلەی دووەم بەدەست بێنم، کە پلەی یەکەم بەر پایسکلسوارێکی کەنەدی کەوت، ئەو پاڵەوانێتییەش لەساڵی 2009لەشاری بانکوفەری کەنەدی بەرێوەچوو، کە گەورەترین پێشبرکێی جیهانییە لەم وەرزشەدا.



**چۆن ناوی لێنرا ئارام کوردستانی؟**

لە زۆربەی بەشدارییەکانیدا ئاڵای کوردستان لە قۆڵی دەبەستێت، سەبارەت بە وەی کە چۆن وەک کورد دەناسرێت؟ ئەو گوتی: ئەوکاتەی تەمەنم 13ساڵ بوو لە پاڵەوانێتییەکی پۆڵەندا بەشداریم کرد، بێژەری ناو یاریگاکە منی بە کوردستانی ناوبرد کاتێک ناو دەخوێندرایەوە گوتی ئارام کوردستانی و لەوکاتەوە لەهەموو پاڵەوانێتییەک کە بەشداری دەکەم بە ئارام کوردستانی ناوم دەهێنن، واتە دەزانن کە کوردم، زۆر حەزیش دەکەم رۆژێ لە رۆژان تیمی کوردستانی لە فدراسیۆنی نێودەوڵەتی ناوی تۆمار بکرێت و بتوانم خزمەتی بکەم.

## سەربارى چەندين گرفت لە بەغدا..
## شەترەنجی خانزاد پلەی دووەم لەسەر ئاستی یانەکانی عێراق بەدەست دێنێت



**هاوار مورتکەیی:** یانەی شەترەنجی خانزاد توانی پلەی دووەم لەسەر ئاستی یانە پلە نایابەکانی عێراق بەدەست بێنێ بە کۆکردنەوەی ٢٣,٥ خاڵ لە کۆی ٢٦ خاڵ، دوای یانەی ئێتسالات هاتن کە ٢٦ خاڵیان هەبوو، لەدوای ئەوانیش یانەکانی کارەبا و پێشمەرگە یەک لەدوای ەک بە پلەی سێیەم و چوارەم هاتن، سەبارەت بە بەرێوەچوونی پاڵەوانێتییەکەش د. بەختیار حەمەد سەرپەرشتیاری یانەی خانزاد لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی خەبات گوتی: پاڵەوانێتی ئەمجارە رکابەرییەکی بەهێز لەنێوان یانە بەشداربووەکاندا لە ئارادابوو، بەشێوەیەک کە تا جەولەی کۆتایی دیارنەبوو کە کام یانە نازناوەکە دەباتەوە، بەڵام رێکخستنی پاڵەوانێتییەکە لەو ئاستەدا نەبوو کە پێشبینی بکرێت بەتایبەتیش کە نارێکی بەزەقی بەدی دەکرا لە ناوبژیوانەکان و تەنانەت خشتەی یارییەکانیش، ئەمە جگە لەوەی یارییەکانیش لەبەغدا بوون کە بەم دواییە شەترەنجزانێکی شاری سلێمانی شەهید بوو، هەموو ئەمانە کاریگەری نێگەتیفی هەبوو لەسەر دەروونی یاریزانەکانمان، چونکە هەمووان ئەوە دەزانین کە پێویستە کەشێکی لەبار و ئارام بۆ شەترەنجزانان برەخسێت، بەلام ئەمە لەو پاڵەوانێتییەدا بەداخەوە بەدی نەدەکرا، سەرباری ئەمانەش توانیمان پلەی دووەم بەدەست بێنین.

شانی یانەی خانزادیش بۆ بەغدا بریتی بوون لە: د. بەختیار حەمەد سەرپەرشتیاری تیپ، دەنەز فائق سەرپەرشتیاری کارگێری، شەترەنجزانانیش بریتی بوون لە: بەهزاد زینەدین، تارلیف کۆنستانتین، ئاراس قاسم، ئەرپاک وریا، دیدار محەمەد، چیا مدیر، داریان ئەرپاک، مەزن بەیاد، کارین کەمال، مستەفا کەمال، دانا جەمال، غەسان ریاز.

## ئەمرۆ وەرزێکی نوێی جامی کۆکاکۆلا دەست پێدەکات

**زاگرۆس نانەکەلی–** ئەمرۆ لەهۆڵی فرانسۆ هەریری لەشاری هەولێر جامی کۆکاکۆلا بەبەشداری 400قوتابخانە وخوێندنگا دەست پێ دەکات، سەبارەت بە وەرزێکی نوێی جامی کۆکاکۆلا کە هاوکات لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرێوەدەچێت (مستەفا دزەیی) سەرپەرشتیار وبەرپرسی بازارگێری کۆکاکۆلا وتی: کۆکاکۆلا وەکو ساڵانی رابردوو هاوکات لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم ساڵە بەبەشداری (400) قوتابخانە وخوێندنگا و کە کۆی گشتی دەکاتە (3200) یاریزان و هەروەها (80) داوەر تێکرایی یارییەکان بەرێوە دەبەن، لەگەڵ (80) سەرپەرشتیاری یارییەکان.مستەفا دزەیی وتی: بەشداربووان تێکڕایی کەل وپەلەکانیان بۆ ئامادە دەکرێت، هەروەها ئێمە وەکو کۆمپانیای کۆکاکۆلا ئامانجی سەرەکی ئێمە گرنگیدانە بەوەرزشی قوتابخانەکان وقوتابیان وخوێندکارانی ئازیز، بۆیە ئومێد دەکەین دەزگاکانی راگەیاندن و میدیاکارانی وەرزشی گرنگێکی باش بەرووماڵکردنی ئەم پاڵەوانیەتییە بدەن بۆ خزمەتکردنی نەوەکانی وڵاتەکەمان.

جێگای ئاماژەپێکردنە لە کۆتایی دزەیی گتی: دووساڵ لەمەوبەر خاوەن خەڵاتی یەکەم گەشتی وڵاتی پۆڵەندا و ئامادەی یۆرۆی 2012یان کرد لە پۆڵەندا، یەکەمی پارساڵیش گەشتی تورکیا وئامادەبوون لە یارییەکانی مۆندیالی لاوان، برواەی ئەمساڵەش ئامادەی یاری کردنەوەی مۆندیالی 2014دەبن لە وڵاتی بەرازیل، لەگەڵ بەشداریکردنی کەمپی کۆکاکۆلای جیهانی لە وڵاتی بەرازیل.



## مەترسی لەکەڵەکەبوونی پێکانەکەی رۆناڵدۆ دەکرێت

یاریزانی پورتوگالی و ئەستێرەی یانەی ریال مەدرید کریستیانۆ رۆناڵدۆ بەوردی خرابووە ژێر چاودێری تاوەکو بتونێت بەتەواوی ئامادەی یارییەکەی ئەمشەوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بێت لەمیانی یاری گەرانەوەی قۆناغی 8کە بەرامبەر دۆرتمۆند ئەنجامی دەدات. لەمبارەیەوە رۆژنامەی(ئاس)ی ئیسپانی رایگەیاند کە پورتوگالی لە رەوشێکی باش دایە، بەڵام مەترسی ئەوە لەلایەن دەستەی پزیشکی هەیە، کە ماسولکەکانی بەرگە نەگرن و جارێکی تر ئەژنۆی تووشی ئازار بێتەوە، رۆناڵدۆ لەیاری رابردووی بەرامبەر دۆرتمۆند هەستی بە ئازاری ئەژنۆی کرد و ناچار بوو لەخولەکی 75یاریگای جێبهێڵێت، رۆناڵدۆ چاودێرییەکی تایبەتی بۆ دەکراو لەمەشقەکانی رابردووی یانەکەشی بەشداری کردەوە، بەڵام راپۆرتە پزیشکییەکان ئاماژەیان بەوەکردووە گریمانی ئەوە هەیە جارێکی دیکە ئازارەکەی سەر هەڵبداتەوەو نەتوانێت بەشداری یاری کلاسیکۆی جامی شای ئیسپانیا بکات، ئەگەر زۆر ئاگاداری خۆی نەبێت.

## فرانک لامپارد: بێگومان چێڵسی دەتوانێت بگاتە چوارگۆشەی زێڕین



فرانک لامپارد یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی چێڵسی لەگەڵ ئەوەی لە هەفتەی رابردوو بە ئەنجامی 3–1گۆڵ بەرامبەر یانەی پاریس سانت جێرمان دۆڕان و گەڕانەوە وڵاتەکەیان، بەڵام لێدوانێکیدا ئاماژەی بەوەکرد کە متمانەی تەواوی هەیە بەیانەکەی بتوانێت ئەنجامێکی ئەوتۆ بەدەست بێنێت و بگاتە چوارگۆشەی زێڕین، هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەوەی پێویستە ئێستا یاریزانان بە ئیجابی بیر بکەنەوەو تەرکیز بکەنە سەر یاری گەڕانەوەو یاری چوون لەیاد بکەن. لامپارد گوتی: چێڵسی یانەیەکی بەهێزەو دەتوانێت زیاتر لە 2گۆڵیش تۆمار بکات، ئەوەی پێویستە دەبێت بەجیدی بیر بکەینەوە بۆ سەرکەوتن لەم قۆناغەدا، نابێت سەرەڕۆ بن و دەبێت هەستەکانیان کۆنترۆڵ بکەن.